Öppna förskolan
Förskoleförvaltningen

Göteborgs Stad



بەخێربێیت بۆ دایەنگەی ئاوەڵا
لە شارەوانی یۆتۆبۆری!

goteborg.se

ئەمەیە دایەنگەی ئاوەڵا

دایەنگەی ئاوەڵا شوێنێکی بەیەکگەیشتنە بۆ خێزان. بەخێرهاتن لە منداڵانی 0-6 ساڵان دەکەین لەگەڵ سەرپەرشتیارانیاندا یان لەگەڵ کەسێکی تری گەورەی گرنگ بە خۆیان. تۆی گەورە بەرپرسیاریت لە منداڵەکەی خۆت وە پێکەوە بەشداری چالاکیەکان دەکەن. دایەنگەی ئاوەڵا بە خۆڕاییە.

شێوەی چالاکیە جۆراوجۆرەکانمان



بە پێی ڕێکارەکانی شارەوانی یۆتۆبۆری دەشێت دایەنگەی ئاوەڵا چالاکی پەروەردەیی و بزواندنی منداڵ لە بواری کۆمەڵایەتیدا پێشکەش بە هەمووان کات. ئەمانە پێشکەش دەکەین:

» چالاکیە ئاوەڵاکان ناوتومارکردنی ناوێت. کاتەکامان کراوەیە بۆ هەموو ئەو خێزانانەی کە منداڵی 0-6 ساڵانیان هەبێت.

» کاتە ئاڕاستەکراوەکان: کاتی کراوە بۆ گروپی تایبەت بە بێ ناوتومارکردن.

» چالاکی بە گروپ. کۆرسی پشتگیریکردنی خێزان لە ڕێگای ناوتومارکردنەوە.

» وانەبێژی دەربارەی دایکوباوکێتی و کۆمەڵە باسێکی تر.

ئێمە لێرە چەندین چالاکیمان هەیە کە پێکەوە لەگەڵ منداڵەکەتدا حەز و ویستی فێربوون لای منداڵەکە دەبزوێنین. هاتن بۆ لای ئێمە بە جۆرە ئامادەکردنێک دادەنرێت بۆ چوونە دایەنگە یان وەک بەسەرکردنەوەیەکی پەروەردەیی وایە.

ئێمە دەتوانین ئامۆژگاری و پشتگیریت لەسەر ڕۆڵی دایکوباوکێتی پێ ببەخشین. لێرە دەکرێت چاوتان بە منداڵان و گەورانی تر بکەوێت بۆ یاریکردن، شتدروستکردن و پێکەوە گۆرانی گوتن یان تەنها هاتن بۆ جێگەکە.



پشتگیریکردنی خێزان بۆ بوون بە ناوەندی باس

ئێمە کەلە دایەنگەی ئاوەڵادا کاردەکەین بڕوانامەمان لە بواری پەروەردەکاریدا هەیە.
ئێمە لە دایەنگەی ئاوەڵادا وا کاردەکەین کە خێزان لە ناوەندی باسەکانماندابن. واتە ئێمە هاریکاری لەگەڵ بنکەی پێشوازی مامان، BVC، کۆمەڵناس بۆ ڕێگری لە کێشە و کتێبخانەدا دەکەین.
سەرباری ئەوەش چەندین کۆرس و ئامۆژگاری پێشکەش دەکەین، لە بوارەکانی ڕۆڵی دایکوباوکێتیدا.
دەکرێت زیاتر دەربارەی پشتگیری دایکوباوکێتی بخوێنیتەوە کە لە ناوچەکەتداهەیە لە:
goteborg.se/foraldrastod

دایەنگە ئاوەڵاکەی خۆت بدۆزەرەوە

لە یۆتۆبۆری بیست دایەنگەی ئاوەڵای سەر بە شارەوانی هەیە. تۆ دەتوانیت زانیاری لە: goteborg.se/oppnaforskolan بدۆزیتەوە.

بەخێرهاتنی خێزانە ساغەکان دەکەین

دەشێت منداڵ ساغبێت بۆ ئەوەی تاقەتی یاریکردنی هەبێت و بەشداری چالاکیەکانی دایەنگەی ئاوەڵا بکات. بۆ ئەوەی مەترسیی گوێزانەوەی نەخۆشی کەمکەینەوە، دایەنگەی ئاوەڵا پێڕەوی ڕێکاری تەندروستی فەرمانگەکان دەکات.

قەدەغە دژ بە خواردنی فستق و گوێزەمەنی

لە دایەنگەی ئاوەڵادا چا و قاوە بۆ کڕین هەیە. وەک سەردەر بۆت هەیە خۆراکی نێوانەژەم لەگەڵ خۆتدا بهێنیت، بەڵام پێویستە ئاگادار بیت لەوەی کە نابێت خواردنەکە فستق، گوێز، بادەم و کونجی تێدابێت، چونکی ئەوانە ئەلێرژیان لێدەکەوێتەوە.

کارگێڕی دایەنگەکان

کارگێڕی دایەنگەکان بەرپرسیارە لە نزیکەی 20 دایەنگەی ئاوەڵا. لە یۆتۆبۆریدا 400 دایەنگەی ئاسایی و 65 دایەنگەی خێزانی سەر بە شارەوانی هەن کە نزیکەی 500 22 منداڵ لەخۆدەگرن.

هەروەها کارگێڕیەکە بەرپرسیارە لە چاودێریکردنی دایەنگە ئازادەکان و دایەنگە خێزانیەکان.
کۆی هەموو ئەوانەی لەو بوارارانەدا لە نێو کارگێڕیەکەدا کار دەکەن نزیکەی 000 8 ئاوەڵکارن.